# ناوەندی هەڵەبجە(چاک ) و نابەرپرسیارەتی پارتی و یەکیتی ، بەرامبەر میللەتی کوردا.



**حاجی ئەنوەر .**

**چاک لەئەنجامی نابەرپرسیارەتی حکومەتەکانی پارتی و یەکیتیەوە لەبەرامبەر ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد ، وەک زەرورەتێک پێکهێنرا . چاک ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆی نا حکومی قازانج نەویستە کە هەولّی کۆتایهێنانە بە پرۆسەی جینۆساید کردنی گەلی کورد . ئەم ڕێکخراوەیە وەک زەرورەتێک خۆی سەپاند بەسەر میللەتی کوردا ، شانخالّی کردنەوەو هەڵنەساندن بەئەرکی سەرشانمان ، تاوانێکی گەورەی ترە لەبەرامبەر مێژووی کورد . بەدوایی ڕاپەڕینی خەڵکی باشورەوە و هەر لەیەکەمین ڕۆژەوە یەکێک لە دروشمەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو (چیتان ئەوێت هەژاران .... مەحکەمەی تاوانباران ) بوو . ئەو تاوانەی بەرامبەر میللەتی کورد کرا ، زۆر جیاواز بوو لەو تاواننانەی کە بەرامبەر گەلانی تر کراوە ، تاوانێک کە بەرامبەر کورد کرا بەدەستی کوردو بە توانایی کورد بوو ، تاوانەکان لە کاتێکدا کرا نە سەرەتاو نەکۆتایی جەنگێکی جیهانی نەبوو ، تاوانەکان لەکاتێکدا کران هیچ بیانویەک نەبوو بۆ ئەنجامدانی جگە لە تاونبارکردنمان بە کورد بوون . تورکە تۆرانیەکان جینۆسایدی ئەرمەنیەکانیان کرد بەبیانوی یارمەتی دانی رووسەکان لە جەنگی جیهانیدا و دژایەتی کردنی بەرژەوەندییەکانی تورک . ئەڵمانیەکان جینۆسایدی یەهودییەکانیان کرد بە بیانوی ئەوەی دەستیان گرتوە بەسەر بازاڕو دژایەتی بەرژەوەندی باڵای ئەلمانیەکان دەکەن . بەعسیش جینۆسادی کوردی کرد بە بیانوی کورد بون . بەڵام !!!! ئەرمەنیەکان نەبوونە سورەی بەرلەشکری تورکەکان وهێزەچەکدارو جەماوەرەکەی لێک ئالاّبوون بۆ خۆپاراستن و ڕزگارکردنی زۆرترین مرۆڤی ئەرمەنی . یەهودییەکانیش وەک پوورەهەنگێک بەدەوری یەکترییەوە بوون و ئەوەی لەتوانایندا بوو درێغیان نەکرد و دەستیان بۆ سەدان تاکتیکی ژیرانە برد . کوردەکانیش !!!! بەلّێ کوردەکانیش ، ئەوانەی کەپێیان دەوترێ چەکدارە هەڵخڵەتاوەکان ، ئەوانەی لە ژێرەوە پەیوەندییان بە شۆڕشی ڕزگاری خوازی گەلەکەمانەوە هەبوو ، ئەوانە ، نەک تەنها منداڵێکی شیرەخۆرە ، پیرەژنێک ، پیرەمێردێک ، کیژۆڵەیەکیان ڕزگار نەکرد ، بەڵکو خۆیان کردە سورەی بەرلەشکری فاشیەکان و چاوکیان کردە هەزارو وەک گورگی برسی گوێ قولاّغ بوون و سەگ ئاسایی سەرییان شۆڕکردبووە سەرزەویی و لوتیان لەزەوی دەخشاندو جێ پێی خەڵکی هەژاروسڤیلی کوردییان هەڵدەگرت . ئەگەر تاوانباران و مرۆڤ کوژانی تورکە ڕەگەزپەرستەکان ، وەک تەلعەت و ئەنوەر و جەمال بمانایە زۆر بەدڵنیاییەوە ئێستا لە زینداندا توند کرابوون . نازستە ، دڕندە خوێن ڕێژەکانی ئەڵمان ، ئەوەی فریا کەوت وەک هتلر و غوبلز خۆیی و ماڵ و منداڵی کوشت و ئەوەیش وەک هیملر و غورینغ پێش ئەوەی لەسێدارە بدرێن خۆییانیان دەرمان خوارکرد ، تاوانبارێکی وەک ئەدۆلف ئەیشمان یش کەلەدەستی دادگا خۆی شاردەوە و خۆیی گەیاندە ئەرجنتین و ناوێکی خوازرراوی لەخۆ نابوو( ڕیکاردوکلیمینت) ، پاش هەولّ و کۆششێکی زۆری موسادی ئیسرائیلی سەرئەنجام لە ڕۆژی 11.5.1960 فڕێنرا بۆ ئیسرائیل و بەئاشکرا دادگا کرا . کەچی لەکوردستاندا !!!! بەلّێ لەکوردستاندا ، کاتێک جەماوەر و کەسوکاری قوربانیان و شەهیدان داوایی دادگایی تاوانبارانیان دەکرد پارتی و یەکێتی بەبیانوی ماناوەی بەعس و ساوایی حکومەت دەمکوتی خەڵکیان دەکرد**

. بەعس ڕووخاو گۆڕی وون بوو ، تاوانبارانیش هەر لەوولاتدا بوون نە خۆییان شاردبووە لە ئەرجنتین و نەکەسیشیان ئامادەبوون خۆیان و ماڵ ومنداڵیان لەناو بەرن یان خۆییان دەرمان خوارد بکەن ، چونکە ئەوان چاک دەیانزانی چەند لایەنێک هەیە داکۆکیان لێبکات ، هەرلەوکاتەوەی کەوەک بەکرێگیراوێک ، ڕژێمی داگیرکەر بەکاری دەهێنان و زەمانەتێکی وایان مسۆگەر کردبوو کە بێباک بن لە داهاتوو ، کاتێک کە خەڵکی ڕاپەڕیوی باشور لەیەکەمین ڕۆژی سەرکەوتن داخوازی دادگایکردنی تاوانبارانیان لەشوراکانەوە بەرزکردەوەو بەرەی کوردستانی دژی وەستاو ڕێگری دروست کرد ، لەوکاتەوە تاوانباران گەیشتنە باوەڕی تەواو کەکاری ئەمان گوێڕایەڵی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەستەڵاتە ئەمەش بۆ بەکرێگیراوان کارێکی ئاساییە هەروەک دوێنێ و پێرێ . جارێکی تر جەماوەروکەسوکاری قوربانیان وشاهیدان داوایی دادگایی کردنی تاوانبارانیان کردەوە ، دەستەڵاتی پارێزەری بەرژاوەندیە باڵاکانی نەتەوەی کورد دەرگایی دادگاکانی خستە سەرپشت و سەدان و هەزاران داواکاری تۆمارکرا ، تاوانبارانیش کەوتنە تەهدیدکردن بە درکاندن و خستنە ڕووی فایل و فایلداران وپەیوەندییەنیشتمانیە پیرۆزەکان . دەستەڵاتیش بۆ چەواشەکردنی جەماوەر چەند سیناروێیەکی گاڵتەجاڕی پێکهێنا لە ڕێگایی داسگاکانی ڕاگەیاندنەکانیانە ، ڕۆژانە دەیان خێزانی قوربانیان بەشدارییان تێدا دەکرد ، ئەمەش سوکایەتیەکی کەبوو بەو خەڵکە جەرگ سوتاو ماڵوێرانە ، چونکە هەموو شکاتەکان کۆکرانەوەو حەمامیان پێ گەرم کران . ئەم کارانەی دەستەڵاتدارانی کوردستاندا ڕێکخراوی چاک ی کردە کارێکی هەر ئێسایی و هەوڵ و کۆشش کردن بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەر کارەسات و بکەرانیان ، پەیوەندی کردن بە دڵسۆزان و شارەزایانی ئەو بوارە . کاتێک هەواڵی نیشتەجێ بوونی خەزرەجی لە دانیمارک زانرا کۆمیتەی دادگایکردنی تاوانبار پێکهێنراو پاش هەوڵێکی زۆر خەزرەجی بانگێش کرا و سەرئەنجام دادگا کەوتە لێپرسینەوە ، حیزبە دەستەڵاتدارەکان نەک کۆمەکیان نەکرد بەڵکو کەوتنە تەزویرکردنی ڕاستیە مێژوییەکان ونامەییان بۆ وەزارەتی دادی دانیمارک نارد کە ژەنەراڵ نزارخەزرەجی لەدێر زەمانەوە پەیوەندی بە ئۆپۆزیسیۆنەوە هەبوەو دۆستی کورد بوەو سەرکردایەتی هیچ ئۆپراسیۆنێکی دژ بەکورد نەکردوە . پاراستنی وەفیق سامەڕایی و سەدان تاوانباری ترلە خۆفرۆشانی وەک موستشارەکان وتەواری ومفرەزەتایبەتیەکان و هەوالگرە نهێنیەکان ... تاد . ئەمانە ئاشکرا ترین بەڵگەن کە نەلە ڕابووردودا و نەلەئێستاو داهاتوشدا پارتی و یەکێتی نیەتی ئەوەیان نیە ئەو دۆسییانە باسی لێبکەن ، لەبەر ئەوە ئەرکی هاریکاری و پەیوەست بوون بە چاک ( ناوەندی هەڵەبجە دژبەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ) ی بووە ئەرکێکی هەرئێستایی مرۆڤی کورد ، بۆ بەدادگایی گەیاندنی هەموو ئەو تاوانبارانەی کە تاوانیان دەرهەق گەلی کورد کردوە ، کە فرانس ڤان ئەنرات ئێستاکە لە زینداندایە و چاوەریی بڕیاری دادگایی هۆڵەندەیە ، دیارە کارێکی لەو چەشنە ئاسان نیە ، بەڵام ئەرکێکی مرۆڤی و نەتەوەییە .